# وتارەکەی هاوڕێ مەنسورم خوێندەوە

ئەوەی لەم نوسینەی هاوڕێ مەنسوری ئازیزدا " حزب و دەسەڵاتی سیاسی " بۆم ڕۆشن بووەوە , ڕۆشنی بیرەکانی هاوڕێ مەنسور و نا ڕۆشنی پەیوەندییەکانی حزب و چینی کرێکار بوو .

وەڵامی ئەو پرسیارە دراوەتەوە کە ئایا حزب دەبێت دەسەڵات بگرێت یان چینی کرێکار . لەم بارەیەوە گومانێک لە ئارادا نەما و , دڵنیایی خۆی داسەپاند . حزب بوو بە پاڵەوانی شەڕە چینایەتییەکان و دەسەڵاتیش بۆ خۆی قۆرغ " پاوان " کرا . بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری بە کورتی و بە سادەیی , ئێستا ئیتر یانی بزووتنەوەی گواستنەوەی دەسەڵات لە چینەوە بۆ حزب . تەنانەت هاوارەکانی هاوڕێ " لینین " یش " هەموو دەسەڵاتێک بۆ شوورا کرێکارییەکان " لەم بزووتنەوەیەی کۆمۆنیزمی کرێکاریدا خەفە کرا . ئەوە دروستە لە بارەی هاوڕێ مەنسورەوە کە ڕابەرێکی بە تواناو دڵسۆزێکی گەورەی چینی کرێکار و ڕێبوارێکی ماندوونەناسی سەر ڕێگای گەیشتن بە سۆشیالیزم بوو . سەرنجەکانی من لێرەوە دەست پێ ناکەن , بەڵکو لە وورد بوونەوە بە پەیوەندییەکانی حزب و چینی کرێکارەوە دەست پێ دەکەن . هاوڕێ مەنسور وەک لینینیستێک لەم نوسینەدا هاتووە ئەو دەسکەوت و هەڵە مێژووییە بۆ چینی کرێکار دووپات دەکاتەوە . ڕاستە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستکەوتێکی گەورە بوو بۆ چینی کرێکار , بەڵام چونکە میکانیزمەکانی دەسەڵاتداریتی چینی کرێکار بۆ کۆمەڵگا نەدۆزرابوونەوە , دەستکەوتەکانی ئەو شۆڕشە مەزنە , بە هەڵەیەکی مێژوویی کە نوێنەرایەتی حزب بوو بۆ چینی کرێکار , لە دەست درا . لە ڕاستیدا تێکشکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر , پێش ئەوەی پەیوەندی بە بنیات نانی ئابوورییانەی سۆشیالیزمەوە هەبێت , پەیوەندی بە لە قاڵبدانی خەباتی چینێکی گەورەوە هەبوو لە حزبێکی بچوکدا . حزب وەکو بەرهەمێکی چینی بۆرژوا و شیاو بە خەباتی چینایەتی ئەو " واتە چینی بۆرژوا " کە گواستراوەتەوە بۆ خەبات پێکردنی پرۆلیتەریانە لە لایەن کۆمۆنیستەکانەوە , بە بێ بەکار هێنانی ئاڵوگۆڕێکی چینایەتییانەی کرێکاران بە سەریدا , هەر دەبێتەوە بەو کۆسپەی کە چینی کرێکار لە گەورە بوونیدا " گەورە بوونی ئەو حزبە " بۆی لا نابرێت . مەسەلەی پەیوەندی حزب و چینی کرێکار لە بنچینەدا پەیوەندی بە ئازادی مرۆڤ و هەڵپێچانی کاری کرێگرتەوە هەیە . ئەوەی لە نوسینی " حزب و دەسەڵاتی سیاسی "دا دیار نییە, ئەم دایلەکتیکەیە . سۆشیالیزم پێش ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتێکەوە , سیستمێکی جیهانییە . حزب وەکو ئامرازێکی ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک دەبێت لە سەر ئەم سیستمە جیهانییە بنیات بنرێت . واتە حزبێک کە خەباتی چینی کرێکاری پێ بکرێت , دەبێت ئازادی و هەڵپێچانی کاری کرێگرتەی بە سیما جیهانییەکەیەوە , بە شێوەیەک بە خۆوە گرتبێت کە لە پێکهاتە بنەڕەتییەکانی بێت . چۆن دەکرێت حزب ئامرازی خەبات بێت بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم و توانای یەکلایی کردنەوەی " تەنانەت لە باری تیئۆریشەوە " ئازادی مرۆڤ و هەڵپێچانی کاری کرێگرتەی نەبێت .ئەگەر بووترێت هەڵپێچانی کاری کرێگرتە ئیشی ئەمڕۆمان نییە و دایدەنێین بۆ سبەینێ , ئەی باشە خۆ ئازادی مرۆڤەکان " لانی کەم ئەندامان " کاری ئەمڕۆیە . فەلسەفەی خەباتی مرۆڤ ئازادییە . فەلسەفەی خەباتی مارکسیستەکانیش بۆ هێنان و دابین کردنی ئازادی , نەهێشتنی دەسەڵاتە . جێگۆڕکێی چینایەتییانە بە دەسەڵات " واتە گوێزانەوەی لە بۆرژواوە بۆ پرۆلیتاریا " کێشەی ئازادی چارەسەر ناکات .دەسەڵات هەر دەسەڵاتە لە دەست هەر چینێکدا بێت و لە هەر شوێنێکدا بێت , چەوساندنەوەی مرۆڤی لەگەڵدایە . چەوساندنەوە هەمیشە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوانەدایە لەگەڵ دەسەڵاتدا . واتە بە هەر ڕادەیەک دەسەڵات بوونی هەبێت , بەو ڕادەیەش چەوساندنەوە لە ئارادایە . لە ناو حزبیشدا وەکو کۆمەڵگا هەمان یاسا زاڵە . ناکرێت دەسەڵاتی ڕابەرایەتی بە سەربەخۆ لە چەوساندنەوەی ئەندامان پێناسە بکرێت . بە هەر ڕادەیەک ئەو دەسەڵاتە لە حزبدا توند و تۆڵ بێت , بەو ڕادەیە

ئەندامان لە ژێریدا دەناڵێنن. هەموو پیرۆزیی دانێک بە حزب و هەموو پتەو کردنەوەیەکی دیسپلین , دەچێتە خانەی دەسەڵاتدانی زیاتر بە ڕابەرایەتی و سەرکوت کردنێکی زیاتریش بە ئەندامان . لیدەریی لە حزبدا بۆ خۆی نەک هەر بە مانای سەرکوتی بێ ئەندازەی ئەندامان دێت , بەڵکو بە مانای سەرکوتی ئۆرگانەکانی سەرەوەش دێت " بە ناوەندی و دەفتەر سیاسیشەوە " . کێشەی بنچینەیی سەبارەت بە مرۆڤ و ڕزگار بوون , کێشەی دەسەڵاتە . دەسەڵات بۆ خۆی وەکو مەقۆلەیەکی سەربەخۆی فەلسەفی و سیاسی , سنووری چینایەتی ناناسێت . گوللە هەر گوللەیە " بەجیا لەوەی کەللە و سنگی چ مرۆڤێک کون دەکات " لە هەر ڕەنگ و شێوەیەک بێت و بە دەست هەر کەسێکەوە بێت . کۆمۆنیستەکان وەکو بەشێکی هۆشیار لە چینی کرێکار , خەباتەکەیان لە بنچینەدا بۆ نەهێشتنی دەسەڵاتە نەک تەنیا ئاڵوگۆڕ پێ کردنی . کۆمۆنیزم ئەسڵە بۆ کۆمۆنیستەکان نەک سۆشیالیزم . سۆشیالیزم بە پێی پێناسەی مارکس کە قۆناغی یەکەمی کۆمەڵگای کۆمۆنیستییە , تەنیا قۆناغێکی گواستنەوەیە لە سەرمایەدارییەوە بۆ کۆمۆنیزم . سۆشیالیزم تا ئەو جێیە گرنگە بۆ کۆمۆنیستەکان کە لێیەوە بە دنیای کۆمۆنیزم شاد ببن . ئامانجی دووری کۆمۆنیستەکان هەرگیز سۆشالیزم نەبووە . قەتیسمان بە دەوری سۆشیالیزمدا و تیئۆرڕیزە کردنی , هەوڵدانە بۆ مانەوەی جیاوازی چینایەتی . شۆڕشی چینایەتی چینی کرێکار ئەگەر فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی خۆی و دەسەڵاتەکەی وەکو چینێک پێ نەبێت , هەموو پێشکەوتنێکی ئابووری و فەرهەنگی و تەکنۆلۆژیش کە دەیهێنێت لەگەڵ خۆیدا لە سەر حسابی چەوساندنەوەی بێ پایانی کرێکاران خۆیان دەبێت . هەموو حزبێکی کۆمۆنیستییش ئەگەر فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی خۆی و چینی کرێکار و دەسەڵاتەکەیانی پێ نەبێت , ناتوانێت مەسەلەی ئازادی مرۆڤ و ڕزگار بوونی کۆمەڵانی خەڵک لە هیچ کۆمەڵگایەکدا بە جێگایەکی شیاو بگەیەنێت . هاوڕێی ئازیزمان لە "حزب و دەسەڵاتی سیاسی " دا نەک ناچێتە ئەم مەیدانە تیئۆرییەوە , بەڵکو دەسەڵاتی چینایەتییانەی کرێکارانیش دەگوازێتەوە و دەیداتە دەست حزب و ڕابەرایەتییەکەی . دابڕینی فەلسەفە لە سیاسەت هیچ کاتێک لە قاوانجی چینی کرێکار و بەرەی ئازادی خواز و ڕادیکال نەبووە . مەسەلەی ئازادی و دەسەڵاتی سیاسی پێش ئەوەی مەسەلەیەکی سیاسی بێت, مەسەلەیەکی فەلسەفییە . مەسەلەی حزب و دەسەڵاتی سیاسیش لە بنەڕەتدا مەسەلەیەکی فەلسەفییە . حزب نابێت تەنیا بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی دروست ببێت " بەجیا لەوەی پەیوەندی حزب و چین دەبێت چۆن بێت " , بەڵکو دەبێت بۆ تیابردنی ئەو دەسەڵاتەش دروست ببێت . واتە حزب لە کاتی دروست بوونیدا دەبێت فاکتەری هەڵوەشاندنەوەی خۆیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت . هەڵە مێژووییەکەی هاوڕێ لینین ئا لێرەدایە . واتە حزبی بەلشەفیک کە باشترین حزبی چینی کرێکار بوو لە سەر ئاستی جیهان , نە فاکتەری گواستنەوەی دەسەڵاتی " حزب " ی بۆ چینی کرێکار هەڵگرتبوو , وە نە فاکتەری تیا بردنی دەسەڵاتیشی بۆ هیچ لایەکیان تیا بەرجەستەبوو . هاوڕێ مەنسوور لە جیاتی ئەوەی بهاتایە وەک بیرمەندێکی پرۆلیتاریا ئەم گرفتەی چارەسەر بکردایە و هەڵە مێژووییەکەی ڕاست بکردایەتەوە , هاتووە جارێکی تر و بە شێوەیەکی توندتر پێ لە سەر ئەو هەڵەیە دادەگرێت و حزب دەکاتەوە بە کۆسپی گەورەی بەردەم نەمانی دەسەڵات و بەرقەرار بوونی ئازادی مرۆڤ . ئازادی مرۆڤ و دەسەڵات , هەمیشە لە پەیوەندییەکی پێچەوانەدان . بە هەر ڕادەیەک لە دەسەڵات بدرێت بەو ڕادەیە ئازادی بەرقەرارە . جێگۆڕکێی چینایەتییانە بە دەسەڵاتی سیاسی ئەگەر لە پێناوی نەمانی دەسەڵاتدا نەبێت , خزمەت بە مرۆڤایەتی ناکات . هەڵەکەی هاوڕێ مەنسوور لەوەش گەورەترە کە تەنیا جێگۆڕکێی چینایەتییانە بە دەسەڵاتی سیاسی بکات , ئەو دەسەڵاتەکە لە چینی کرێکاریش وەردەگرێتەوە و دەیدات بە حزب . یانی هاوڕێ مەنسوور نە باس لە نەمانی دەسەڵات دەکات و نە جێگۆڕکێی چینایەتییانەش بە دەسەڵات دەکات . ئەوەی ئەو دەیەوێت بە ئەنجام بگات , خەباتی حزبیی و چینایەتییانەیە بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن حزبەوە و داسەپاندنی حزبیش بە سەر چینی کرێکار و کۆمەڵانی خەڵکدا . من لە ووتارەکانی پێشوومدا باسم لە نامۆ بوونی ئەم حزبانەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی

کردووه به چینی کرێکار , بۆیە لێرەدا نامەوێ بچمەوە سەر ئەو باسە . ئەوەی ئێستا بە لامەوە گرنگە یەکالا کردنەوەی کێشەی فەلسەفییانەی حزبە . حزبێک ناتوانێت خەبات بۆ سۆشیالیزم بکات ئەگەر خودی سۆشیالیزم بۆ ڕابەرایەتییەکەی ڕۆشن نەبێت .ئەگەر سۆشیالیزم لە هەڵپێچانی کاری کرێگرتەدا پێناسە بکرێت , ئەوا دەبێت یاساکانی هەڵپێچانی کاری کرێگرتە دۆزرابنەوە و لە سەر ئەو بناغەیەوە حزب دروست بکرێت . ئەوەی کە لە نووسینەکانی هاوڕێ مەنسووردا دیار نییە ئەو یاسا بابەتییانەیە . مەسەلەی ئازادی مرۆڤ و هەڵپێچانی کاری کرێگرتە و نەمانی دەسەڵات کە سێگۆشەی تێپەڕبوونی کۆمەڵگای سۆشیالیستیی بۆ کۆمۆنیزم پێک دەهێنن , لە " حزب و دەسەڵاتی سیاسی " دا نە باسیان لێوە کراوە و نە پەنجەیان بۆ ڕاکێشراوە . ئەگەر چینی کرێکار لە شۆڕش و حوکومەتی چینایەتی خۆیدا , فاکتەری تیابردنی حوکومەتەکەی خۆی و چینەکانی " بە چینی کرێکاریشەوە " وەکو مەسەلەی چین " تەبەقە " هەڵگرتبێت , ئەوا دەبێت حزبەکەشی ئەو فاکتەرانە لەگەڵ خۆیدا هەڵبگرێت . ئەگەر وا نەبێت ئەوا دیکتاتۆریەتی حزبیی وەکو پێویستییەکی حاشا هەڵنەگری کۆمەڵگای چینایەتی , بۆ مانەوەی ئەو جیاوازییە چینایەتییانە , دەچەسپێت . گرفتی فەلسەفی دروست بوونی حزبی چینی کرێکار لێرەوەیە . بۆ ئەوەی حزبەکە , حزبی ئەو چینە بێت , دەبێت فاکتەری تیا بردنی دەسەڵاتی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت . فاکتەری تیابردنی دەسەڵاتیش , تەنیا نەبوونی دەسەڵاتی حزبییە لە ناو خودی حزبدا . دەبێت حزبێک دروست بکرێت بۆ چینی کرێکار کە پێکهاتە و یاساکانی بێنەوە لەگەڵ پێکهاتە و یاساکانی کۆمەڵگای سۆشیالیستیدا . ئەگەر کۆمەڵگای سۆشیالیستی خاوەنی کۆمەڵێک یاسای گشتییە ئەوا حزبیش بۆ خۆی خاوەنی کۆمەڵێک یاسای تایبەتییە . جا بۆ ئەوەی ئەم حزبە , حزبی خەبات بێت بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگای سۆشیالیستیی , دەبێت پێکهاتە و یاساکانی لەوێوە " لە سۆشیالیزمەوە " سەرچاوە بگرن . گەیشتن بە سۆشیالیزم بە مانای هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵات نییە , بەڵام خاسیەتی بنچینەیی کۆمەڵگای سۆشیالیستیی , خاسیەتی تێپەڕبوونیەتی بۆ کۆمۆنیزم . یانی پێناسەی کۆمەڵگای سۆشیالیستیی دەبێت لە کۆمۆنیزمەوە بێت , نەک لە خودی سۆشیالیزمەوە کە وەک کۆمەڵگایەکی سەربەخۆ و جێگیر سەیر بکرێت . بە واتایەکی تر , ئەگەر خاسیەتی تێپەڕ بوون بۆ کۆمۆنیزم لە سۆشیالیزم وەر بگیرێتەوە , ئیتر ئەو سۆشیالیزمە " با کرێکارانیش فەرمانڕەوا بن تیایدا " دەبێتەوە بە سۆشیالیزمی بۆرژوائی . حزبێک کە خەبات بۆ ئازادی مرۆڤ و نەهێشتنی جیاوازییەکان و نەمانی دەسەڵات بکات , دەبێت خۆیشی ئاوێنەی ئەو بارودۆخە بێت . حزبێک کە زنجیرە مەڕاتیب و ناوەندێتی سەرەوەی تیا بێت , ناتوانێت ئازادی بۆ ئەندامان بەرقەرار بکات . تەنیا فاکتەر بۆ بەرقەرار کردنی ئازادی , لابردنی ناوەندێتی سەرەوە و دامەزراندنی ناوەندێتی خوارەوەیە . وەک لە ووتارێکی پێشوومدا باسم لێوە کردووە , لە ناو چینی کرێکاردا ناوەندێتی لە خوارەوەیە , نەک لە سەرەوە . ناوەندێتی سەرەوە تەنیا تایبەتە بە چینی بۆرژوا . مەسەلەی ئازادی ئەندامان تەنیا مەسەلەی ڕەخنە و پێشنیار و گوێ گرتن نییە لێیان , بەڵکو مەسەلەی ئازاد بوونیان بۆ کار کردن لە هەر پۆستێکدا کە هەر کەسێکیان بیانەوێت " بە ناوەندی و دەفتەری سیاسیشەوە " دەبێت لە مافە بنچینەییەکانیان بێت . من کە دەڵێم ئەم حزبانە نامۆن بە چینی کرێکار و ئازادی تیایاندا بەرقەرار نییە بۆ ئەندامان , ئا لەم مەیدانە و چەندەها مەیدانی دیکەوەیە . بەرقەرار نەبوونی ئازادی ئەندامان پێش ئەوەی بە ڕابەرایەتییەکانەوە پەیوەند بێت , بە پێکهاتە و سیستمی ناوەکییانەی کار کردن لە حزبەکاندا پەیوەندە . ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەڕاتیب لە بناغەدا ڕێگرن لە بەردەم ئازادی ئەنداماندا . هەر لە پێداویستی ئەو ناوەندێتی و زنجیرە مەڕاتیبەوەیە کە دیسپلینی " مەوازینی " پۆلایینی حزبیی دێتە ئاراوە . ئەو دیسپلینە پۆلایینەی هاوڕێ لینین کە بۆ ئەندامانی حزبی بەلشەفیکی دادەنێت لە پێداویستی شۆڕشی کرێکارانەوە نەهاتووە , بەڵکو لە پێداویستی پێکهاتنی ئەو دوو بەشەی حزبەوە ( ناوەندێتی سەرەوە و زنجیرە مەڕاتیب ) هاتووە . هاوڕێ مەنسووری حیکمەت لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێک لە ژیانی خەباتگێڕانەی خۆی تەرخان کرد بۆ تیئۆرڕیزە کردنی

ئەم شێوەیە لە حزب بۆ چینی کرێکار , بەڵام بە داخەوە نەیتوانی گرفتە بنەڕەتییەکانی لە بواری فەلسەفەدا چارەسەر بکات . گرفتە سیاسی و تەشکیلاتییەکانی هاوڕێ مەنسوور لە گرفتە فەلسەفییەکانیەوە سەرچاوە دەگرن . ئەم هەموو تیئۆرڕیزە کردنەی کە لە زەمانی هاوڕێ لینینەوە تا کۆچی دوایی هاوڕێ مەنسوور کە بۆ حزب کراوە , هەرچەندە بۆ شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکار و دامەزراندنی سۆشیالیزم بووە , بەڵام بەرئەنجامەکەی بە لاڕێدا بردنی ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییە و بە بە ئەنجام نەگەیاندنی سۆشیالیزم بووە ( یان وەک هاوڕێی خۆشەویستم " ماهیر عیسا " دەڵێت : ئەم تیئۆرڕیزکردنە نەک هەر نەیتوانی ئەوە بکات , بەڵکو چینی کرێکاریشی بە کۆمەڵێک نارۆشنی یەوە لە سەر شۆڕشی کۆمەڵایەتی دایە دەست سەدەی بیست و یەکەوە ) . مەسەلەکە لە نا دڵسۆز بوون و درێغی کردن و لادانی هیچ یەکێک لەم ڕابەرانەوە نەبووە , بەڵکو لە بناغەدا درک نەکردنێکی فەلسەفییانە بووە بە پەیوەندییە هەناوییەکانی " جەوهەرییەکانی " نێوان حزب و چینی کرێکار لە لایەک و ئامانجە کۆتاییەکانی ئەو چینە و مرۆڤایەتی لە لایەکی ترەوە . حزبێک کە بۆ چینی کرێکار دروست ببێت , دەبێت ڕاستەوانە لەگەڵ خەبات و ئامانجی نزیک و دووری ئەو چینەدا بێتەوە . ئازادی , یەکسانی , هەڵپێچانی کاری کرێگرتە , نەمانی پارە لە ئامانجەکانی چینی کرێکارە . چینی کرێکاریش پێش ئەوەی سیمایەکی لۆکاڵی " محەللی " هەبێت , سیمایەکی جیهانی هەیە . جیهانی بوونەکە ئەسڵە بۆ چینی کرێکار نەک لۆکاڵی بوونەکە . تەوەرە بەستن بە دەوری لۆکاڵ پێ کردنی چینی کرێکار و تیئۆرڕیزە کردنی ئەو حاڵەتە و دەرهێنانی حزب بۆی , لەو هەڵە باوانەن کە تیئۆریستەکانی ئەم مەیدانە " بە هاوڕێ مەنسووریشەوە " تێی کەوتوون . بۆ حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری نە ئینتەرناسیۆنال ئەسڵە و نە چینی کرێکاری وولاتەکەش . چۆن بە زۆر هەوڵی لکاندنی حزب دەدرێت بە چینی کرێکارەوە لە عێراق و ئێراندا , ئاواش بە زۆر هەوڵی لکاندنی دەدرێت بە بەجیهانی بوونی چینی کرێکارەوە . درک نەکردن و نەدۆزینەوەی یاسا ناوەکییەکانی حزبی چینی کرێکار , بە ناچار , لۆکاڵی بوون وەکو یەکێک لە بەرئەنجامەکان دەسەپێنێت بە سەر حزبەکانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیدا . هاوڕێ مەنسوور لە باسە تیئۆرییەکانیدا بۆ لکاندنی حزب بە چینی کرێکارەوە بە ئەنجام نەگەیشت , بۆیە ڕاشکاوانە باس لە گوێزانەوەی دەسەڵات دەکات لە چینی کرێکارەوە بۆ حزب و ڕایشی دەگەیەنێت کە دەبێت وابێت . ئەم شێوەیە لە حزب کە میراتی بۆرژوایە و بە زۆر دەیسەپێنن بە سەر چینی کرێکاردا , بە ناچار ڕابەرایەتییەکانیان دەگەیەنێتە لاسایی کردنەوەی بۆرژوا لەو مەیدانەدا . هاوڕێی خۆشەویستمان لە " حزب و دەسەڵاتی سیاسی " دا ڕێک هاتووە ئەمەمان پێ دەڵێت و دەیەوێت بە لاسایی کردنەوەی حزبە بۆرژواکان ئێمەش بە دەسەڵات بگەین . گرفتەکە ئەوەیەکە ئەم شێوەیە لە حزب و حزبایەتی کردن تیایدا ناکۆک نییە بە بەرژەوەندی و ئامانجەکانی چینی بۆرژوا , بەڵام بە چینی کرێکار و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی تەواو ناکۆکە . هاوڕێ مەنسوور کە دەیگوت : ئازادی , بەرابەری , حوکومەتی کارگەری , " هەرچەندە تا ڕادەیەک هاوئاهەنگی و دروستییەک لە نێوان ئەو سیانەدا هەبوو " , تەنیا نوێنەری حوکومەتە کرێکارییەکەی " ئەویش بەو شێوەیەی کە خۆی لە مێشکیدا نەخشەی بۆ داڕشتبوو " کە حزبەکەی بوو هێنایە دەرەوە , ئەگینا لە ناو حزبەکەیدا نە ئازادی بە مانا کرێکارییەکەی بەرقەرار کرا و نە یەکسانییەکیش " لانی کەم بۆ ئەندامان لە بەرانبەر یەکتریدا " فەراهەم کرا .

کۆمۆنیستەکان لە هەموو لایەکەوە هاوار دەکەن کە حزبیان دروست کردووە بۆ هەڵپێچانی کاری کرێگرتە , کەچی یەکێکیش نییە نەخشەیەک لە بابەت ئەم هەڵپێچانەوە بدات بە دەستەوە . ئاخر گرفتەکە لەویادا نییە کە نایانەوێت ئەم هەڵپێچانی کاری گرتەیە ڕوون بکەنەوە , بەڵکو گرفتەکە لەویادایە کە کەسیان ئەم زانستی هەڵپێچانەیان لا نییە . ئەم شێوەیە لە حزب , چونکە لە بنەڕەتەوە ناکۆکە بە بەرژەوەندی و ئامانجی چینی کرێکار , ئەگەر سەد تیئۆریستی دیکەش بێن و خەریکی تیئۆرڕیزەکردن بن بۆ لکاندنی بە چینی کرێکارەوە , هێشتا ئەو ئاواتە نایەتە دی و

ئەو لکاندنە ڕوو نادات . هەموو جۆرە تیئۆرڕیزە کردنێک کە بۆ ئەم حزبانە دەکرێت تەنیا لە پێناوی ناوەندێتی سەرەوە و هێشتنەوەی زنجیرە مەڕاتیبدایە . بۆ نموونە گرتنی کۆنگرە لە بنەڕەتدا بۆ شەرعیەتدانە بە ڕابەرایەتی , بە جیاوازییەکان , بە مەوازینی حزبیی , بە کۆنترۆڵ کردنی ئەندامان , بە پیرۆز کردنی حزب , بە چەواشە کردن و پاشکۆ پێ کردنی کرێکاران . لە کۆنگرەکاندا ئازادی ئەندامان بە فەرمی ناناسرێت , نابێت سنوورەکانی تەوەرە بەستن بە دەوری ڕابەرایەتییەکانیاندا تێ بپەڕێنن . لە کۆنگرەکاندا باس کردنی مەسەلە تاکتیکییەکان و ستراتیجیەکان ( بە شۆڕشی کۆمەڵایەتی چینی کرێکاریشەوە ) تەنیا لە پێناوی حزب و لەوەش ڕۆشنتر بدوێین , لە پێناوی ڕابەرایەتییەکاندایە .

هاوڕێ مەنسوور هەرچەندە وەک بەرئەنجامی لۆژیکانەی تیئۆرڕیزەکردنەکانی گەیشت بە وەلانانی جێگۆڕکێی چینایەتییانە لە دەسەڵاتدا و لافیتەی دەسەڵاتی حزبیی بەرز کردەوە , بەڵام هەنگاوێکی گرنگیش بوو بۆ نەهێشتنی ئەو چەواشە کارییەی کە بە ناوی گوێزانەوەی دەسەڵاتەوە بۆ چینی کرێکار , حزبی لێ بەهرەمەند دەکرا و بە زۆریش بە سەر چینەکەوە دادەسەپێنرا .

بژار 2006–01–24